

# ڤێرجینیا سان باکس (Virginia SUN Bucks)

بەرنامەیەکی فیدراڵییە کە دروستکراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەبوونی ئاساپشی خۆراک،ئەویش لە ڕێگەی پێدانی یارمەتییەکی خۆراکیی یەکجارەکی بە بڕی 120 دۆلار بەمنداڵە شایستەکان لەسەر کارتی Virginia SUN Bucksیان کارتی SNAP EBT بە مەبەستی کڕینیپێداویستییەکانی خۆراک.

## کێ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شایستەی Virginia SUN Bucks دەبێت و پێویست ناکات داواکاری پێشکەش بکات؟

منداڵەکەت بە شێوەیەکی خۆکارانە لە ڤێرجینیا سان باکس تۆمار دەکرێت ئەگەر:

- ✓ یارمەتییەکانی بەرنامەی هاوکاری خۆراکی تەواوکاری (Supplemental Nutrition Assistance Program, SNAP) یان هاوکاری کاتی بۆ خێزانە پێویستەکان (Temporary Assistance for Needy Families, TANF) وەربگرن، یان بەشدار بن لە بەرنامەی (Medicaid) کە لەسەر بنەمای داهاتە.
- ✓ داواکارییان پێشکەش کردبێت و ژەمە خواردنی بێبەرامبەر یان بە نرخی داشکێندراویان لە قوتابخانە وەرگرتبێت، لە ماوەی ساڵی خوێندنی **2026-2025** لە ڕێگەی بەرنامەی نیشتمانیی ژەمی نیوەڕۆی قوتابخانە (National School Lunch Program).

## چۆن بزانم ئایا خێزانەکەم پێویستە داواکاری بۆ Virginia SUN Bucks پێشکەش بکات؟

ئەگەر منداڵەکەت داواکاری پێشکەش نەکردووە و ژەمە خواردنی بێبەرامبەر یان بە نرخی داشکێندراوی قوتابخانەی لە ڕێگەی بەرنامەی نیشتمانیی ژەمی نیوەڕۆی قوتابخانە (National School Lunch Program) وەرنەگرتووە، و خێزانەکەت بەشدار نییە لە SNAP، یان TANF، یان بەرنامەی (Medicaid) کە لەسەر بنەمای داهاتە، ئەوا پێویستە داواکاری پێشکەش بکەیت.

## کەی و چۆن فەرمانگەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی ڤێرجینیا (Virginia Department of Social Services, VDSS) یارمەتییەکانی Virginia SUN Bucks دابەش دەکات؟

یارمەتییەکان لە مانگی حوزەیرانی 2026ەوە دەست پێدەکەن و بە شێوەیەکی بەردەوام دابەش دەکرێن بەسەر ئەو منداڵانەی کە بە شێوەیەکی خۆکارانە شایستەن، هەروەها ئەو خێزانانەشی کە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی داواکارییەوە شایستە دەبن. یارمەتییەکانی سوودمەندانی SNAP دەخرێتە سەر کارتی (SNAP EBT)ی ئێستایان، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی کە سوودمەندی SNAP نین کارتێکی (SUN Bucks) وەردەگرن کە بە پۆست دەنێردرێت بۆ ئەو ناونیشانەی کە تۆمارکراوە.

## چۆن داواکاری پێشکەش بکەم؟

دەتوانیت سەردانی ماڵپەڕی VirginiaSunBucks.com بکەیت بۆ ئەوەی بە شێوەی ئۆنلاین داواکاری پێشکەش بکەیت، یان فۆڕمی داواکارییەکە چاپ بکەیت و تا 31ـی ئاب بە پۆست بینێریت بۆ ناونیشانی: 5600 Cox Road, Glen Allen, VA 23060. وەک بژاردەیەکی دیکە، دەتوانیت لە 15ـی حوزەیران تا 31ـی ئاب لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە سەنتەری پەیوەندییەکانی Virginia SUN Bucks لەسەر ژمارە (1414-513-866) داواکاری پێشکەش بکەیت.

VIRGINIA SUN BUCKS

VIRGINIA DEPARTMENT OF SOCIAL SERVICES

دەتوانیت زانیاری و وردەکاریی زیاتر دەربارەی ڤێرجینیا سان باکس لە ماڵپەڕی VirginiaSunBucks.com بەدەست بهێنیت.